دڕژکردنەوەی تەمەنی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنکانی عێراق بۆ دوو ساڵ



ئەنجوومەنی باڵای داوەریی عێراق بڕیاری دا، ماوەی کارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق بۆ دوو ساڵ درێژ بکاتەوە، بەڵام راشیگەیاندووە، ئەگەر پەرلەمان "تەوانینکی سیاسد"ـی دیکەی هەیە، دەتوانێت یاسای کۆمیسیۆن هەموار بکاتەوە.

عیماد جەمیل، سەرکی تیمی ڕێزنامەڤانیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق ڕاگەیاند: ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانیان بۆ نووسراوی فەرمی پەگەیشتووە، ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیساران کاری ئاسایی خۆیان دەکەن وەک ئەوەی پێشتر کردوویانە.

نووسراوی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ئەمڕۆ (چوارشەممە، 8ـی کانوونی دووەمی 2025)دەرچووە. بڕیارەکە تەمەنی کارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنەکە لە 7ـی کانوونی دووەمی 2025 بۆ 6ـی کانوونی دووەمی 2027 درێژدەکرێتەوە.

لە نووسراوەکەدا ئاماژە بۆ دراوە؛ ئەگەر تەوانینکی سیاسیی دیکە هەبێت جگە لەوەی لە

نووسراوەکەدا هاتووە، پەرلەمانی عێراق دەتوانێت بگۆڕێ ئەو دەستەاتە یاسایی هەیەتی، یاسای کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەموار بکاتەوە.

تەمەنی کاری ئێندامانی ئێنجوومەنی کەمیسیۆن لە 7ـی کانوونی دووەم کەتایی هات، لە رووی یاساییەوە تاوەکو رێژەک بڕ لەوە، پەرلەمان دەیتوانی وادەکەی درێژبکاتەوە، دوای ئەوە پرسەکە کەوتە دەستاتی ئێنجوومەنی باڵای دادوەری.

ئەم، سێیەم جارە تەمەنی کاری ئێنجوومەنی کەمیساران درێژبکرێتەوە، دووجار لەلایەن پەرلەمان و ئەمجارەش لەلایەن ئێنجوومەنی باڵای دادوەرییەوە.

